١٠٨

# دنیای منداڵان

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٠

21 jun 2011

وتەی ئەمجارەمان

## پیرۆز بێ ڕۆژی جیهانیی منداڵان



منداڵە ئازیزەکانی کوردستان!

ئەم کاتەتان باش.

ئەمساڵیش یەکی ژوئەن ڕۆژی جیهانیی منداڵان هاتەوە. بەم بۆنەیەوە لەلایەن ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە منداڵانی جیهان بەگشتی‌و ئێوە منداڵانی کوردستان بە تایبەتی دەکەین. بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە لە زۆربەی وڵاتان و لە باشوری کوردستانیش ڕێو ڕەسمی تایبەتی بەڕیوەچوو. بەڵام لەبەشێک لە وڵاتەکەی ئێمە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەراخەوە نەک هەر یادی ئەو ڕۆژە نەکرایەوە، بەڵکو ئەمساڵیش هەر وەک ساڵانی پێشوو بارودۆخی منداڵان نەک هەر باش نەبووە، بەڵکو لە ساڵانی پێشوو خراپتر بووە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان منداڵانێکی زۆرمان هەن کە لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەشن، بەشێک لە منداڵان ناتوانن دەرس بخوێنن، بەشێکیان لە کارگەو کوورەخانەو کێڵگەکان دا خەریکی کار کردنن، بەشێکیان لە سەر سنوورەکان خەریکی کاروان و کۆڵبەرین و لە گەڵ مەترسیی مەرگ و کەمئەندابوون ڕووبەڕوون، بەشێکیان لە سەر شەقامەکان و ناو پارکەکان دا خەریکی واکس کردن‌و شت فرۆشتنن. بەشێک لە منداڵانیش بەدەست دایک و باوکی موعتادەوە گرفتارن.

منداڵە ئازیزەکان!

ئەم کێشانە کە تووشی منداڵان دەبنەوە هەموو دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی دادپەروەری و نەبوونی حکومەتی دڵسۆز لە وڵات دا. منداڵەچاوگەشەکان وەرن با هەموومان ئاواتەخواز بین کە لە جیهان دا شەڕو ئاژاوە نەمێنێ و ئەوانەی کە لە وڵات دا دەبن بە بەڕێوەبەر کەسانێکی دڵسۆز و خەمخۆری خەڵک بن، تاکوو منداڵانیش بتوانن لەژێر سێبەری ئاسایش و نیشتمانی خۆیاندا بە ئاشتی و هێمنی بژین و بتوانن چێژ لە منداڵیی خۆیان وەرگرن و بە مافەکانیان بگەن.

منداڵە خۆشەویستەکان! ڕۆژی ٥ی ژوئەن «دنیای منداڵان» پێی نایە تەمەنی نۆ ساڵییەوە. بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی بە هەموو خوێنەرانی «دنیای منداڵان» دەکەین و ماندوونەبوونی بە هاوکاران‌و بەڕیوەبەرانی دنیای منداڵان دەڵێین. هیواداریین کە «دنیای منداڵان» تەمەنی درێژ بێت و ئێوەش گەرم‌و گوڕتر لە جاران هاوکاریی بکەن و خۆتان بە خاوەنی بزانن.




هونەرمەندی گۆرانیبێژ، ئاواز دانەر وشێوەکار، عەباس کەمەندی ساڵی ١٣٣١ هەتاوی لە گەڕەکی جەوراوای شاری سنە چاوی بۆ ژیان هەڵێنا. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە تێکەڵ بە دنیای هونەر و گۆرانی دەبێت. هونەرمەند هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لە نازی باوک بێبەش بووە، بۆیە لە داوینی دایکی زەحمەتکێش و هونەردۆستیدا پەروەردە بووە.

هونەرمەند عەباس کەمەندی لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە و بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان کوڕێک و سێ کچە. هونەرمەند لە ساڵی ١٣٤٩ تا ساڵی ١٣٨٤ هەتاوی واتە بۆ ماوەی نزیک بە ٣٥ ساڵ لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگ (صدا وسیما)ی شاری سنە فەرمانبەر بووە.

هونەرمەند عەباس کەمەندی لە چەندین بواری هونەری جیاوازدا وەک: گۆرانیبێژی، ئاوازدانەری، شێوەکاری، شانۆ نامە و فیلمنامە نووسی، دوبلێری( وەرگێڕانی فیلم) و شیعر و رومان دا کاری کردوە و تا رادەیەک لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە.

لە بواری سینەما و شانۆدا چەندین فیلم نامە و شانۆنامەی بە ناوەکانی: فیلمنامەی عەتاکەل، فیلمنامەی پاڵەوانپەمە، فیلمنامەی حوسین پاڵەوانی کرماشانی و سەنجەرخانی نووسیوە، هەروەها فیلمی کومیدیی « لۆڕێل هاردی»یشی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوەتەوە.

لە بواری ئەدەبیدا هونەرمەند جیا لە کۆ کردنەوە و بە چاپ گەیاندنی ئەدەبیاتی فولکلۆریک، دیوانە شیعرێکی بە ناوی « هەوارگەی هاوار» کە شیعرەکانی بە دوو زاراوەی هەورامی و سۆرانییە لە ژێر چاپ دایە.

لە بواری هونەری شێوەکاریدا کەمەندی وەک شێوەکارێکی رئالیست بە سەدان تابلۆی جوان و بێ وێنەی لە جوانییەکانی سروشت و زستان، بە تاییبەتی سروشتی شاری سنە و ئاویەر ئافراندوە.


لە بواری هونەری ئاواز و گورانی دا کە عەباس کەمەندی زۆرتر بەم تایبەتمەندییەوە بۆ ئێمە ناسراوە هونەرمەند بۆ بەشێکی بەچاو لە هونەرمەندانی کورد وەک: کامکارەکان، عەندەلیبییەکان، عەدنان کەریم، شەهین تاڵەبانی و.... ئاوازی داناوە.

هەروەها هونەرمەند بە سەدان گۆرانیی جوان و فولکلۆری کوردیی وەک:

بۆلە من یاخی، تۆ چاوت نەیشی، مەتۆرێ، کوردستان خۆشە، چەم سیاو لەیلی و ... بە دەنگە جوان و سرنجڕاکێشەکەی بە دنیای هونەری کوردی پێشکەش کردوە، و هەر ئێستاش لە شاری سنە خەریکی کاری هونەرییە.

**ئا: فەرشید محەممەدی**

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



**قامک**

پیاوێک دەچێتە لای دوکتور و دەڵێ: کاک دوکتور هەموو گیانم دێشێ.

دوکتور: دەی باشە بڵێ بزانم کوێت دێشێ.

کابراش دەست لە سەر و دەموچاو و لاق و ملی دەدا و دەناڵێنێ.

دوکتور: کاکە تو هیچ کوێت نایەشێ، قامکت شکاوە!

***

**ماسیگر**

نیگابانی ژینگەپارێزی: ئاخر چەند جارت پێ بڵێم ماسی گرتن لێرە قەدەغەیە؟

ماسیگر: خۆ من ماسی ناگرم تەنیا کرمەکەم فێری مەلە دەکەم.

***

**دزی**

سێ کەس پێکەوە دەچنە دزی، کاتێک کە خاوەن ماڵ دێتەوە هەر یەکە و لە تەلیسێک دا خۆیان دەشارنەوە. خاوەن ماڵ شەپێک لە تەلیسی یەکەم دەدا دەنگی گوێزی لێ دێ. لە دووهەمی دەدا دەنگی نانە رەقەی لێ دێ، لە سێهەمی دەدا هیچ دەنگێکی لێ نایە، دیسان لێی دەدا هەر دەنگی نایە. دووبارە لێی دەدا کابرای دزی سێهەم قەڵس دەبێ، دێتە دەرێ و دەڵێ : ئەرێ خاڵە نازانی ئارد هیچ دەنگێکی لێوە نایە.


**دیاریی نارین کەنکاش**

## پەپوولە

ئەی پەپوولەی باڵ نەخشین
خەمی چیت هەیە لەژین؟
دەفری لەم چڵ بۆئەو چڵ
لەناو باغ و لەسەر گوڵ
زۆر جوان و وەفاداری
لەهەموو شوێنێ دیاری
ئێسک سووک و باڵ نەخشین
سەما دەکەی لەبۆ ژین
خنجیلەو ورد و رەنگین
تۆ بێزار نابی لە ژین
هەر رۆژێ لە باغێکی
لە سەر چڵی دارێکی
تەنیا هۆگری گوڵ بوویت
ناتوانی بێ گوڵ بژیت

**دیاری: نازلەی سوهرابی**

## هەردووکمان بە دڵی خۆتان بڕەنگێنن





ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا. www.Kurdistanukurd.com

سەرنووسەر: عوسمان بێورانی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، باران، تریفە سادقی *

مۆنتاژو دیزاین: مینا سولْتانزادە

mndalanykurd@yahoo.com

دنیای منداڵان

# چیرۆکی میموونە بچکۆلەکە

هەبوو نەبوو، پیاویک بوو کە مەیموونێکی بچکۆلەی هەبوو ئەو پیاوە هەموو رۆژێک لەگەڵ مەیموونەکەی لە سەر شەقام شانۆیان بۆ خەڵک ئەنجام دەدا و لەو ڕێگایەش پارەیان کۆ دەکردەوە.

مەیموونە بچکۆلەکە زۆری پێخۆش بوو کە هاوڕێیەکی هەبێ تا بتوانێ یاری لەگەڵ بکا. بەڵام ئەو هیچ هاوڕێیەکی نەبوو. مەیموونەکە دایک و باوکی خۆی نەدیبوو و نەیدەزانی کە ئەو پیاوە چۆن بۆتە خاوەنی ئەو. لەوەتەی لە بیری بوو لەگەڵ ئەو پیاوە ژیانی بەسەر دەبرد. خاوەنەکەی تەنیا فێری ئەوەی کردبوو کە چۆن لەبەر دەمی خەڵک تەقڵە لێ بدا، و لاسایی بکاتەوە و ئەوان وە پێکەنین بخا و هەمیشەش زنجیرێکی درێژی لەملی دا بوو تا نەتوانێ ڕا بکا.

مەیموونە چکۆلەکە هەر کە گوێی لە دەنگی سازی خاوەنەکەی دەبوو دەستی دەکرد بە هەڵبەزدابەز و تەقڵەلێدان و خەڵکیش بە دیتنی جووڵەی ئەو پێدەکەنین و چەپڵەیان بۆ لێ دەدا و پارەیان پێ دەدا. بەڵام هیچ یەک لەو کارانە مەیموونە بچکۆلەیان شاد نەدکرد ئەو زنجیرەی کە لە ملی دابوو زۆر بێزاری کردبوو و هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە رۆژێک بێ و بتوانی ئەو زنجیرە لە ملی بکاتەوە و ڕا بکا بەڵام نەیدەتوانی ئەو کارە ئەنجام بدا و لە ماڵەوەش ناچار بوو لە قەفەزێکی ئاسنیی گەورە دا بخەوێ کە هەمیشەش دەرگای قەفەزەکە قفڵ درابوو.

مەیموونە بچکۆلەکە هەمیشە بە وردی چاوی لە دەستی خاوەنەکەی دەکرد تا شێوەی کردنەوەی قفڵەکە فێربی و تا هەرکات هەلی بۆ ڕەخسا بتوانێ دەرگای قەفەزەکە بکاتەوە و لە دەست خاوەنەکەی ڕا بکا.

شەوێکیان خاوەنەکەی نەخۆش دەکەوێ، کاتێک مەیموونەکە لە ناو قەفەزەکە دەخا لەبیری دەچی کە دەرگای قەفەزەکە داخا، مەیموونەکەش ئەو هەلە دەقۆزیتەوە و لە ناو قەفەزەکە دێتە دەری و ڕا دەکا و دەچێتە سەربانی ماڵەکەیان و لەوێ ڕا دەچێتە ماڵی دراوسێکەیان. لە پشت پەنجەرەی ماڵی دراوسێکەیان ڕاوەستا و چاوی لە منداڵەکان دەکرد کە پێکەوە یارییان دەکەن ویستی بچێتە ژووری و یارییان لەگەڵ بکا بەڵام منداڵەکان کە چاویان پێکەوت لێی ترسان قیژاندیان، دایکیشیان دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکەیانی داخست.

مەیموونە بچکۆلەکەش لەوێ ڕا چوو بۆ ماڵێکی تر بەڵام لەو ماڵەش کەس نەیهێشت بچێتە ژووری.

مەیموونە بچکۆلەکەش هەر ئەو ماڵە و ماڵی دەکرد تا بتوانێ کەسێک ببینێتەوە یاریی لەگەڵ بکا بەڵام کەس دەرگای لێ نەدەکردەوە. وردە وردە تەواوی خەڵکی شارەکە پێیان زانی کە مەیموونێکی بچکۆلە لەناو شاردا دەسووڕێتەوە.

ئەو هەواڵە بە گوێی مەئموورەکانی ئاگرکوژێنەوە گەیشت و هاتن مەیموونەکەیان گرت و بردیان بۆ باخچەی ئاژەڵان و لە ناو قەفەزی مەیموونەکانیان هاویشت.

مەیموونە بچکۆلەکە بۆ یەکەم جار بوو کە گیاندارێکی هاوشێوەی خۆی ببینێ زۆری پێخۆش بوو و دەستی کرد بە چەپڵەلێدان و هەڵبەزدابەز، مەیموونەکانی دیکەش کە ئەو کارەی مەیموونەکەیان دیت زۆریان پێخۆش بوو و لەگەڵی بوون بە هاورێ.

مەیموونە بچکۆلەکە هەر لە باخچەی ئاژەڵان مایەوە و لەگەڵ مەیموونەکانی دیکە بوو بە هاورێ و زۆر خۆشحاڵ بوو و وایدەزانی کە مەیموونەکانی دیکەش وەک ئەو خۆشحاڵن.

لە ناو مەیموونەکاندا، مەیموونێکی پیر هەبوو. رۆژێک مەیموونی پیر چیرۆکی دارستانی بۆ مەیموونە بچکۆلەکە گێڕاوە، دارستانێک کە پڕ بوو لە داری بەرز و میوەی جۆراوجۆر کە هەزاران مەیموونیش لەوێ بە خۆشی دەژیان.

مەیموونە بچکۆلەکە هیچ کات دارستانی نەدیبوو، بریاری دا کە بە هەر شێوەیەک بێ بچیتە دارستان و ئەوێ ببینێ، بەڵام هەتا ئێستا نەیتوانیوە لە باخچەی ئاژەڵان ڕا بکا. ئەو بە هاوڕێکانی گوتووە کە رۆژێک دەچێتە دارستان و ئەوانیش لە باخچەی ئاژەڵان رزگار دەکا و لەگەڵ خۆی دەیانباتە ناو دارستان، ئەو شوێنە کە پڕە لە داری بەرز و میوەی جۆراوجۆر و هەموو گیانداران لەوێ بە ئازادی دەژین و هیچ قەفەزێکی لێ نیە و ئەوان دەتوانن بە ئازادی بۆ هەر شوێنیک کە پێیان خۆش بوو بچن.



**و. پەیام**

# بۆ کڕینی دەفتەرێکی سپی،

# سەدان کەوش ڕەش دەکەنەوە



وەک هەمیشە بۆنەیەک بەڕێوەیە، دیسان گڕووی لیباس کڕینم گرت بۆ ئەوەی هەست نەکەم لە هاوڕێکانم بە جێ دەمێنم، داوام لە دایکم و بابم کرد سەردانێکی بازاڕ بکەین. ئەوانیش بۆ ئەوەی لە سەیران گرژومۆن نەبم و ڕۆژەکەیان لێ تێک نەدەم، بە قسەیان کردم.

سەرەتای بەهارە و وەرزی سەیران و خۆشی، ڕێگاکان پڕن لەو منداڵانەی کە بە جلوبەرگە دڕاوەکانیانەوە و بە دەم و چاوە زەردهەڵگەڕاوەکانیانەوە خەریکی فرۆشتنی گوڵی نێرگز و دەبە دۆن.

سەر ڕێگاکان و نێو شارەکان پڕن لەو منداڵانەی بۆ ئەوەی ئێواران کە دەگەڕێنەوە ماڵەوە، سفرەکانیان پێخۆری هەبێ، خەریکی خاوێن کردنەوەی شەقامەکانن. هەر ئەوانن بۆ پڕکردنی سفرەکانیان لەو خواردنانەی کە ئارەزووی خواردنیان دەکەن، دەست دەکەن بە خاوێن کردنەوەی شەقامەکان و سەیرانگاکان لە زبڵ و پیسی. شەقامەکان پڕن لەو منداڵانەی بۆ کڕینێ دەفتەرێک، تا درەنگانی شەو خەریکی واکس کردن و خاوێن کردنەوەی کەوشی گەورەکانن. بەڵێ بۆ کڕینی دەفتەرێکی سپی، ڕۆژانە سەدان کەوش ڕەش دەکەنەوە. زبڵدانەکان پڕن لەو منداڵانەی ئارەزووی مناڵانەیان بە بۆنی زبڵ و زاڵ ژاکاوە. ئەوان دڵخۆشییەکەیان کۆکردنەوەی قوتولکەی بەتاڵ و ڕوحە شکاوە.

چەند بە ئاسانی بەلایان دا تێپەڕ دەبین بێ ئەوەی هەست بە ئازارەکانیان بکەین. چەند بە ئاسانی دەستی ئەو منداڵە دەگێڕینەوە کە ئامادەیە خۆی بخاتە نێو مەترسیی هاتوچۆی ماشێنەکانەوە تەنیا بۆ ئەوەی بنێشتەکانی بفرۆشێت. داخۆ ئەو منداڵە بێجگە لە تامی ئازارەکانی ژیان، توانیویەتی تامی بنێشتەکانیشی بکات؟

چەند بە ئاسانی بە لای ئەو کەسانەدا تێپەڕ دەبین کە نێویان لێناون «سواڵکەر»، بێ ئەوەی خۆمان بکەینە شەریکی ئازارەکانیان.

زۆرن ئەو بنەماڵانەی کە ناتوانن خەرجی نەشتەرگەرییەکی سادە دابین بکەن. منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بژین.

ئەی ئەو منداڵانەی لە کاتی فرۆشتنی نێرگز دا وەک نێرگزێکی سیس بوو هەڵوەریون.

«سێزدەبەدەر» بوو، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم خەریکی پیاسە و وێنەگرتن بووین، ٢ منداڵی چکۆلەی جوانم دیت، لێیان نزیک بوومەوە و وتم ئەوە خەریکی چین؟ دەستیان بۆ تەلیس (گوونی)ی زبڵەکانیان ڕاداشت. وتم چی لێدەکەن؟ یەکیان کە نێوی ڕامان بوو، وتی: دەیانفرۆشین.

بیرم لەوە کردوە کە ئێمە بە جلوبەرگی نوێوە لە کەیف و خۆشی و سەیرانی خۆمان داین، ڕامان و سەدان ڕامانی تریش کە لە ڕۆژانی سەیران و خۆشیشدا لەبەرچاومانن، نابینین. ئەوە لە کاتێک دایە کە منداڵانی تر لەو تەمەنەدا بیر لە کڕینی پلایستەیشن و پی ئێس پی و دووچەرخە و.... دەکەنەوە.



بلێی ئازارەکانیان لەو تەلیسە زبڵانە قورستر بێت کە لەسەر شانیان داناون. دەستە وشک هەڵاتوو و پشتە چەماوە و جەستە لاوازەکان و دەم و چاوە ماتەکانیان وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دەدەنەوە.

**ن: هانا وریا**

# چەند دیمەنێک لە ڕێوڕەس














# می ڕۆژی جیهانیی منداڵان













# سەردانی باخچەی ساوایانی هەنگ

رۆژی ٢٠١١/٥/٩ لە باخچەی ساوایانی هەنگ لە کەمپی ئازادی ئاهەنگی دەرچوونی منداڵانی باخچەکە بە ئامادەبوونی قائیمەقام(فەرماندار)ی کۆیە، بەرپرسی پەروەردوی کۆیە، بەرپرسی باخچەکانی ساویانی کۆیە ، بەڕێوەبەرو مامۆستایانی باخچەی ساوایان و دایک و باوکی منداڵان و ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو . ئاهەنگەکە بە دقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدان دەستی پێکرد پاشان بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیە وتەیەکی پێشکەش کرد. دواتربە سروودی بەخێربن لە لایەن منداڵانەوە بەخێرهاتنی میوانان و ئامادەبووان کرا . پاشان هەریەک لە بەڕێوەبەری گشتی باخچەکانی ساوایانی کۆیەو بەڕێوەبەری باخچەی ساوایانی هەنگ بەخێرهاتنی میوانەکان کرا.دواتر چەندسرودوگۆرانییەک لە لایان منداڵانەوە پێشکەش کرا. دوابەشی بەرنامەکە دابەشکردنی بروانامەوخەڵات بوو بەسەر منداڵانی دەرچوو دا.جێگای ئاماژەیە کە چەندین کەناڵی ئاسمانی تەلەڤزیۆن ئەو رێو رەسمەیان وێنە گرت کە کامێرای کوردکاناڵیش یەکێک بوو لە وینەگرانی ئەو ئاهەنگە.

















# ئایا دەزانن؟





ئایا دەزانن:
لە هیندستان ٤٤ ملیۆن منداڵ کاردەکەن؟

ئایا دەزانن:
کۆی درێژیی دەمارەکانی لەشی مرۆڤێک دەگاتە ١٥٠ هەزار کیلۆمیتر؟




ئایا دەزانن:
کۆنترین زانکۆ لە دنیادا لەساڵی ٩٨٩ لە میسر {بەناوی جامعة الازهر}دامەزراوە؟



ئایا دەزانن:
ئەگەری بەرکەوتنی بروسک بۆ رەگەزی نێرینە ٦ جار زیاترە لە مێینە؟

ئایا دەزانن:
هەموو ساڵ ٣٣ هەزار کەس بەهۆی دەرزیی هەڵە و کۆن گیانیان لەدەست دەدەن؟



ئایا دەزانن:
ئەنیشتاین تا تەمەنی ٩ ساڵی بەتەواوی قسەی نەکردوە، خێزانەکەی پێیان وابووە کە ئەو منداڵێکی ناتەواوە؟





ئایا دەزانن:
گوێی مرۆڤ دەتوانێت ٤٠٠,٠٠٠ جۆر دەنگ لێک جیا بکاتەوە؟

ئایا دەزانن:
لەشی مرۆڤ لەچرکەیەکدا ٢,٠٠٠,٠٠٠ خرۆکەی سوور دروست دەکات؟

## بزەی پەپوولە

دایە گەورە گوتی:منداڵان پەپوولەیان خۆش دەوێ،پەپوولەش گوڵ و ڕووناکی.

پەپوولە گوتی: تەنیا چڵێک گوڵ شک دەبەم، ئەشێ لە جێیەکدا بیچەقێنم، ڕۆژێ جارێک بتوانم بۆنی پێوە بکەم.

بەیانی خۆرەتاو لە خەو هەستا، پەپوولە گوڵی برد و لە دەم کانیاوێک چەقاندی، کانی ئاوی پێدا و گەشاندییەوە.

لە سەر کێوێک چەقاندی، شنە باوەشێنی کرد.

لە نسارێک چەقاندی، هەنگ بۆنی پێوە کرد و هەڵاڵەی چنی.

لە شەودا چەقاندی،ئەستێرە بە خۆرەتاو هێز و تینی پێدا.

لە دەمی ڕێگادا چەقاندی، کاروانچی تێر تەماشای کرد.



دەوریدا کەوتنە سەما کردن.

لە نیوەڕۆدا چەقاندی، لە سەر دەرانەی ماڵی دایە پیرە چەقاندی، هەموو پەنجەرەی ئاوایی کرانەوە.

پەپوولە زۆر ئاشق بوو حەزی بە جوانیی گوڵ دەکرد.

هەنگ هات و شیلەی گوڵی چنی و مێو و هەنگوینی ساز کرد.

پەپوولە مۆمی هێنا و شەمی ساز کرد. شەم بوو بە چرا، بە ڕووناکی خۆی تاریکیی شەوی سڕیەوە ئیتر پەپوولە و گوڵ و شەم لەو ڕۆژەوە، لەو شەوەوە ئەویندارن حەز بە جوانی دەکەن.

**سەلاح نیساری**

# جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە





# وڵاتەکەمان بناسین

## «گیلانی ڕۆژئاوا»

شارستانی گیلانی ڕۆژئاوا یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگەی کرماشانی سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەویتە ١٤٠ کیلۆمیتریی باشووری شاری کرماشان. ئەم شارستانە لە باری هەڵکەوتەی جوغرافیاییەوە لە باکوورەوە لە گەڵ شارستانی «سەرپێل زەهاو»، لە باشوورەوە لە گەڵ شارستانی «ئەیوان»، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە گەڵ شارستانی «ئیسلام ئاباد» و لە ڕۆژئاواوە لە گەڵ شارستان «قەسرشیرین» سنووری هاوبەشی هەیە.

ڕووبەری جوغرافیایی ئەم شارستانە ٢٤٠٠ کیلومیتری چوار گۆشەیە. ئەم شارستانە لە دوو بەخشی «گواوەر» و بەخشی «مەرکەزی گیلانی ڕۆژئاوا» و ٦ گەورەدێ (دهستان) و ٢٠٣ گوند پێک هاتووە. بە پێی ئامارەکان ئەم شارستانە نزیک بە ٨٠٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیە. هەموو خەڵکەکەی کوردن و بە زاراوەی کەلهوڕی قسە دەکەن، هەروەها لە سەدا ٩٠ی خەڵکەکەی موسڵمانی شیعە مەزهەبن لە سەدا ١٠کەی دیکەشی یارسانن.

شارستانی گیلانی ڕۆژئاوا ناوەندی ئەسلیی ئێلی کەلهوڕە. ناوی کۆنی ئەم شارە عەمڵە (amlah) بووە و لە کاتی دەسەڵاتداریتیی ڕەزاشادا ناوی ئەم شارە دەگۆڕێت بۆ گیلانی ڕۆژئاوا. ئەوەش بە هۆی سەرسەوزی و ویکچوونی ئەم شارە بە شاری گیلانی باکووری ئێران.

شاری گیلانی ڕۆژئاوا ٨٠٠ میتر لە دەریا بەرزترە و ئاووهەوایەکی گەرم و نیوەوشکی هەیە.

دوو کێوی بەرزی «سەراوان» و «بان مەیدان» لەم ناوچەیە هەڵکەوتوون کە بوونەتە سەرچاوەی ئاویی سەراو، گیلان و چەندین سەراو و چۆمی بچووکی دیکە لەم ناوچەیە.

ئەم ناوچەیە لە باری کشتوکاڵەوە وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەندی پارێزگای کرماشان دێتە ئەژمار کە ساڵانە بە ڕێژەیەکی زۆر دانەوێڵەی گەنم، جۆ، گوڵەدان، برنج، وگوڵەبەڕۆژەو نۆک لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێت.





تەپەقەڵا



دیمەنێک لە گیلانی ڕۆژئاوا

بوونی لێرەوار و لەوەڕگەی بەرفراوان لەم ناوچەیە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم ناوچەیە وەک ناوچەیەکی پڕبایەخی ئاژەڵداری بێتە ئەژمار، و ئاژەڵداری بۆتە سەرچاوەی ئەسلیی بژیوی ژیانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچەیە بە چەشنێک کە زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ سەر مەڕ و ماڵات لەم ناوچەیە بەخێو دەکرێت.

لە بواری کانگەی ژێر زەوییشەوە ئەم ناوچەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیەو چەندین کانگای زۆغاڵ سەنگ و گەچ لەم ناوچەیە بوونی هەیە وهەروەها زۆرترین و گەورەترین کانگای قیری سروشتیی ئێران لەم ناوچەیە هەڵکەوتوە.

هەروەها بوونی چەندین ئاسەواری مێژوویی و شوێنەواری سروشتیی جوان وەک: گۆڕ دەخمەی فەرهاد( فەرای کەن)، قەڵای مۆرت، بۆرسوار ، سەراو گڵێن، سەراو مۆرت، ملە نەی، دیرەو بەرزاییەکانی قەڵاجە و... بوونەتە هۆی ئەوەی کە ساڵانە خەڵکانێکی زۆر بۆ گەشت و گوزار ڕوو لەم ناوچەیە بکەن.

ئا: کانی وایان

Kurdistan

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا


شیا و شازیار سەردار


ڤیان مەحموودی


نازلەی سۆهرابی


ئاژدا مەتین


هاورێ سۆهرابی


رۆژیار سەردار


رۆژینا سەیدی


ئەلەند مەتین


سیاوەش و سیاکۆ قەزایی


هەڤاڵ قازی


هەرێم قازی


سۆما رەواندووست



نارین مەحموودی


رامین چووکەڵی


کانی عەبباسی


سکاڵا شارویرانی


هاموون مەعرووفی


بێژان مەعرووفی